# لە پێناوی داد پەروەریا ...!

المكتبة المركزية العامة في السليمانية
التسلسل ........
الرقم ........
الصنف ........



کتێبخانەی گشتی سلێمانی
زنجیرە ........
ژمارەی پۆلێن ١
رۆژی
٢٠٩٠-١

وەرگێڕی : عثمان عوزیری

نرخی هەردانەیەکی (٥٠) فلسە

# پێشکەشە

— بە گەلی کوردی تێکۆشەر و نەبەز

— بە هەموو ئادەمیزادێکی شۆڕشگێر لە پێناوی داد
پەروەری و ئازادی و بەختیاری و دیموکراتی و
یەکسانیدا ، بۆ گەل و نیشتمان

شەهیعوزیری

# بەشدارانى چيرۆكەكە

* داپيرە : دايكي پترۆی شۆرش گيرە .
* ميـلان } سەربازن ، ياساولی شەون
* جوزيب }
* پاشا : ئەسكەندەر پاشای سلاڤيايە .
* پێشەوا : پێشەوا «قائد»ی سوپای سلاڤيايە .
* ئەركادی: } دوو ئەفسەری ياريدەدەری پێشەوان.
* نيقولا : }
* پترۆ : كورێـكي تێـكۆشەری شۆرش گيرە،كوری داپيرەيە
* ميخائيلو : هاورێی پترۆيە ...

﴿ وە چەن سەر بازيكيش بۆ پەردەی دوايی ﴾



# ( پەردەي يـەكەم )

★

﴿ لە سەرەتای سەدەی بيستەما لە « سلاڤيا » شۆرشێـكي نيشتمانی دەستی پێ كرد ، بۆ روخاندنی شا ئەسكەندەری ناپاك ..

شوێن ، يەكي لە شەقامەكانی « سلاڤيا » يە .. شەوە ، سەرما يەكي بەتينی هەيە .. دوو سەرباز ، لە ســـوپای پاشا ، ياساولی شەقامن لە بەردەمي پەنجەرەی ماڵيكا .. داپيرەيەكێش لە پەنجەرە كەوە تەماشای ئەكرد ﴾ .

داپیرە : ها ئەو دوو پیاڵە چایییە بگرن

سەربازمیلان : ها ؟! . سوپاست ئەکەین دایە گیان

داپیرە : ( بەبەزەییەکەوە ) چەن پچووك وجوانکیلەن (پترۆ)ی کوڕیشم هەروایە بەساقەی بم

میلان : پترۆ !!

داپیرە : بەڵی . . پترۆ گیان ، کوڕەکەم . . تاقانە خۆشەویستەکەم

میلان : ئێستا لەکوێیە ؟

داپیرە : والەچیاکان . لەگەڵ شۆڕشگێرەکانا !

میلان : ( بەسەرسامییەوە ) چی ئەکات لەوێ ؟

داپیرە : ( بەسەرسوڕمانێکەوە ) نازانی شۆڕشگێڕ چی ئەکات ؟

میلان : بەڵێ ئەزانم ، شەڕ ئەکات ، وەکو ئێمە ئەکوژێت !

داپیرە : نا . نا . شۆڕشگێڕ خەڵك ناکوژێ . بەڵکو ئەجەنگێ لەپێناوی دادپەروەریا

میلان : مەبەست لەشۆڕشگێڕەکان ، کامانەن ، کەلەپێناوی داد پەروەریا ئەجەنگن ؟!

داپیرە : ئەوە لەسەر ماناو ئامانجی شۆڕشەکە ئەوەستێ ( لەپێرز ) جاری واهەیە سەرباز ناجەنگن لەپێناوی نیشتمانا .

میلان : ئەی چی ئەکەن ؟

داپیرە : سوپاکەی ئێمە ، ئەجەنگێ لەپێناوی پاشادا ؟

میلان : چونکە سوپاکەمان سوپای پاشایە

داپیرە : ئەگەر پاشایێکی خراپیش بێ ؟

میلان : هەرچی یێك بێ پاشامانە



داپیرە : ئەگەر زۆردارو خوێنڕێژو بێ فەریش بێ ؟

میلان : پێم ووتی ، هەر پاشامانە !

داپیرە : پترۆی کوڕم گەلێ لەتۆ باشترە !

میلان : لەمن باشترە ؟!

داپیرە : بەڵێ . . ئەو شۆڕشگێڕە !

میلان : منیش سەربازم

داپیرە : یانی چی کەسەربازی ؟

میلان : مانای ئەوەیە ڕژێم ئەپارێزم . . پاریزگاری نیشتمان و تەختی پاشا ئەکەم

داپیرە : شۆڕشگێڕەکان نایانەوێ ڕژێم وتەخت بڕوخێنن . . بەڵکو ئەوان پاشایێکی داد پەروەریان ئەوێ . ئایا هەستت بەگەورەیی پاشاییکی داد پەروەر کرد ؟

میلان : ( هەناسەییکی هەڵکێشا ) باشە داپیرە . . مەبەستت چییە لەم شەڕە قسەو بەربەرەکانییە ؟

داپیرە ( بەماتییەکەوە ) هیــچ . ئەوە نەبێ . . پترۆی کـوڕم بێتەوە ( بێ دەنگ بوو ) بەڵێ . بگەرێتەوە بەسەرکەوتوویی . ( ڕووئەکاتە میلان وهاوڕێکەی ) باپچم دوونان و تۆزێك پەنیرتان بۆبێنم . بێ گومان برسیتانە . . خوایە گیان ، هەردووکتان پچکولەو جوانکیلەن وەك پترۆی کوڕم

( لەپەنجەرەکەدا وون بوو )

میلان : بەجگار پترۆی کوڕی خۆشی ئەوێ

جوزیب : ئەی ئەتەوی رقی لێ ی بێ ؟

میلان : هەرلەبەرئەوەش شورشی خوش ئەوێ کە پتروی کوری تیایەتی .!

جوزیب : هەروەها منیش شورشم خوش ئەوی چونکە ئاوات وئامانجی تیایە !

میلان : ئاواتی و ئامانجی تو ؟؟!

جوزیب : بەلی . هەروەها منیش شورشگێریکم هەیە لەچیاکان ناوی پترویە !

میلان : تێ نا گەم .. تویش هەروەها

جوزیب : بەلی منیش هەروەها ، لەوێ ، لەچیاکان پتروم هەیە ، کوریکی تاقانەم هەیە کەلەهەردوو چاوم زیاتر خوشئەوێ ئاواتو ئامانجێکی دادپەروەرم هەیە ، ئەکوژێ ، ئێمە شەیدای ئازادین ئەی میلان ، ئێمە سەودای خوشەویستی نیشتمانو دادپەروەری و یەکسانین .

میلان : جوزیب تو ئەمترسێنی . تۆ . باشە تۆ لەسەربازەکانی پاشایت ، وانی یە ؟ . هەول ئەدەیت پاشا بپارێزی ، ئەوە تا ئێمە یاساولی یەکێك لەشەقامەکانی سلافیاین بوپاراستنی لە شورشگێرەکان ، ئەمە بوکێ ئەکەین ؟ لەبەرپاشا نی یە ؟؟!

جوزیب : میلان . ئێمە سەربازنین لەسوپای پاشادا .

- پاشا سوپای نی یە ، سوپا هی گەلە ، هی رولەکانی سلافیای مەزنە . گوی بگرە میلان ، ئەوشورشگیرانەی ئەجەنگن لەوچیایانە ، ئەوانیش سوپای گەلن !



میلان : خوایە . سوپا ، پاریزگاری نیشتمانو رژیمو تەختی پاشا ئەکات .

جوزیب : ئەی سەربەستی ؟ . ئەی ئازادی ؟ . پاریزگاری ئەویش ئەکات . مەبەستت ئەوەیە ئەی میلان کەسوپا هەرهی پاشایە ؟ . بوپاریزگاری سەربەستی وآزادی نی یە ؟

( داپیرە دووبارە لەپەنجەرەکەوە دەرکەوتەوە . دوونانو توزیك پەنیری پێشکەش کردن )

داپیرە : ئوف خوایە گیان ، کەی پتروی کورم بەسەربەرزی سەرکەوتوویی یەوە ئەگەریتەوە ؟

میلان : داپیرە ، وابزانم ئەوەندەی حەزبەسەرکەوتنی پترۆ ئەکەی ئەوەندە ( پترۆ ) ت خوش ناوێ ؟

داپیرە : پترۆو سەرکەوتنی یەك پلەیە بومن . هەردووکیان آمانجمن .

میلان : تویش قینت لەشایە . ئەی داپیرە ؟! .

داپیرە : بەلی چونکە بێ فەرە .

میلان : بێ فەر ؟

داپیرە : پترو پێی ئەووتم : شائەسکەندەر وولاتی تەرخان کردوە بوخزمەتی ( ماریا ) ی دەستگیرانی ، ئەوژنە داوێن پیسەی کرد بەشاژن .

میلان : ئاوای کرد ؟؟!

داپیرە : پترو پی ی ووتم : پاشا نابیتە دیموکراسی ، بوویە

زوردارو خوین مژوزالمه . ئەبیتەهاوریێ ی دوژمنەکانمان .

دوژمنەکانی سلاڤیای مەزنی خوشەویست .

**میلان** : (شانی هەلتەکان) ئەوە هیچ لە کات نا گوری . کاری نی یە . مادام سەربازی ئەوین .

**جوزیب** : ووس بە . نورەتە ، برو سەرشە قامەکە دا بگەریێ .

(داپیرە لەپەنجەرەکەوە تەماشای ئەکرد ، گەنجیێ هات ، سەلاوی لە جوزیب کرد ، بانگی دایکی پتروی کردو چووە ژوورەوە ، دوای توزیك گەنجەکە دەرئەچیت. کەرویشت داپیرە هاتەوە بەرپەنجەرەکە . میلان لەنورەکەی گەراوە . داپیرە بەدەمو چاویا وادەر ئەکەوت زور دلخوش بوو)

**داپیرە** : خوایە گیان **سوپاس** بوتو . پترو یەتەوە . پیی ووتم یەتەوە .

**جوزیب** : کی پیی ووتی ؟

**داپیرە** : میخائیلو . میخائیلو .

**جوزیب** : میخائیلو کی یە ؟

**داپیرە** : ئەمەتوز یکە هات !

**جوزیب** : ئا . ئەوە ئەو بوو کەواتە ؟

**داپیرە** : مەبەستت چی یە ؟

**جوزیب** : شورش گیرە !

**داپیرە** : بەلی هاوریێی پترویە . لەگەلیا ئەجەنگی لەپیناوی



آمانجە پیروزەکەی گەلا .

**میلان** : (بەتوندی) ئەبوایە بتگرتایە .

**جوزیب** : (بەتوورەیی یەوە) زور خراپی میلان . ئەوە (گەل) یکە لەویدا شورش ئەگیری لەپیناوی داد پەروەریا . ئەوەش پاشایێکە کەین و بەین و پیلانیان بوئەنیتەوە . لەگەل ئەوەشا ئەمانەویێ بیپاریزین !!

**داپیرە** : پترو دیتەوە . ئەمشەو دیتەرە . (لەپر) . ئاە . ئەگەر هاتەوە ئەیگرن . خوایە گیان بوچی بوچی پیم ووتن ؟! «ئەگری» پترو ئەمری .. حەپسی ئەکەن وئەیدەنە بەرشیلکی تفەنگ !

**جوزیب** : وەرەوە سەرخوت داپیرە . کەس دەستی تیوە نادات .

**میلان** : **کوتایی** بەم باســـە بینە . باشە باپترو بیتەوە . باشە بابیتەوە .

# (پەردەی دووهەم)

ژوورێکی گەورەیە لە کۆشکی ئەسکەندەر پاشادا ، سێ ئەفسەر چەملونەتەوە بە سەر مێزێکا و نەخشەیێکیان لە سەر داخستووە ، ئەم سیانە پێشەوای گشتی و کابتن نیقولا و کولونیل ارکادی ، هەرسێکیانن ، پاشا یەتە ژوورەوە

★★

پاشا : ئەفسەرینە ، دەنگوباسی جەنگ چی‌یە ؟

پیشەوا : گەورەم هەوڵ ئەدەین ناتووانین چواردەوری‌یان بگرین ، چونکە بە هەموو جورێك بەربەرەکانیان ئەکەن .

پاشا : ئەو چەتانە ئەبێ عاقل کرێن .

پیشەوا : پیویستە گەورەم . بەڵام ئەوەش عەزیێتیکی زۆری ئەوی بە سالیکیش جەنگەکەمان کۆتایی نایەت .

پاشا : ( بەسەر سامی‌یەوە ) سالێك ؟!

پێشەوا : بەلی گەورەم ، چونکە ئەوان رۆژ بە رۆژ لەزیادبونان

پاشا : ئەی چی بکەین ؟ ئەبێ دەستێکی باشیان لێ بوەشێنین ، ( بێ دەنگ ئەبی ) تۆ بڵێی سەرکەوین ؟

پێشەوا : دوای سالێك کوشتار !.. نازانم !

پاشا : ( بەلی بوزوردنەوە ) دوای سالێك کوشتار .. نازانی ؟ (دانی گیرکردەوە) ئەو چەتانە خۆم ئەزانم چون پانیان ئەکەمەوە ( بێ دەنگ ئەبێ ، وا دیارە بیر ئەکاتـەوە ) .. باشە .. وازلەوانەی خۆم بێنین داوای یارمەتی سوپایی لە پاشای «کورانیا» ئەکەم .

پێشەوا : ( بە لی پارانەوە ) گەورەم ئەوە نابێ ، کورانیا ئەبیـتە دوژمنمان .

پاشا : کورانیا چی‌ئەوی ؟ ئەیەوێ چیاکانی سلاڤیا داگیر بکات باشە ئەیدەینێ .. بەپاشاکەی ئەلێم ئەوچیایانە پێشکەشت بێ ، چیاکانی سلاڤیای مەزن کەکانی ئالتون و زیوو جۆرەها مەعدەنی‌ترە ، ئەوەبۆتۆ ... بیخۆ .. خۆ لە



دەستی شۆرش گێرەکان دەرئەچێ !. ئەیان کرم دەست بە سەریان ئەکەم .

پێشەوا : «ئەشـــلەژی» گەورەم ئەمە کاری کردن نی‌یە ، کورانیا وولاتەکەمان داگیر ئەکات ، پاشاکەیان زوور برسی‌یە بە خواردنی بەرهەمی چیاکانمان ، ئـەوەش ئەبێتە هۆی داگیر کردنی سلاڤیای نیشتمانمان لە دواییدا .

پاشا : خۆمن لەسەر تەختی خۆم ئەمێنمەوە ، من پاشماوەی پێنج سەد ساڵ پاشایەتی پەروەرم ، باپـیرە گەورەم لە پیناوی تەختەکەیا جەنگ و پاریزگاریکی باشـی کرد و خوێنی وەك لافاو رژاند ، منیش نابە میرات بە دەستێـکی بێ هێز لە خێزانی «کوغانین»ی مـەزن ، کە پشتا و پشتمان پاشایەتی شێرانەیان بردۆتە سەر

پێشەوا : ئەوە نابی گەورەم ئەفسەر و سەربازەکانیش هەلئەسن چونکە ئەمە دائەنێن بە ناپاکی و زوڵم لێ کردنیان ودەست ئەخەنە ئیشی ناو خۆی سلاڤیاوە ، ئەوەشتیکی زور ناشیرینە سوپای سلاڤیاداوای یارمەتی لەسوپایەکی‌تر بکا بوپان کردنەوەی گەلەکەی ونیشتمانەکەیشی باتە دەست پاشایەکی بێگانە .

پاشا : (بەتوورەیی‌یەوە) من پێشەوای مەزنم ، پیویستە لەسەرت فەرمانـەکانم بەجێ بێنی

( پێشەوا بەتەر خەم و کرژی‌یەوە گوێ ئەگرێ... بەڵام پاشا بەتورەیی‌یەوە دەســـت ئەدا بەدەستیاو هەلئەسێ لە ژوورەکە دەرئەچێ‌وبەتوند دەرگاکە پێوە ئەدات )

پیشەوا : ( روو ئە کاتە ئەفسەرەکان ) باشە ‥ ئەرکادی ‥
تۆ ئەڵێی چی ؟ ‥

ئەرکادی : گەورەم من ریگام بو داناوە ‥ پێویستە بە شەو هێرش بەین . لەو بروایەشام هەموو هێزێکمان ئامادەیە رەشاش و هێزی سوپاییمان بێ ووچان روو بکاتە ئەشکەوتی چیاکان ، ئەگەر چیا باکووری‌یەکانمان گرت . ئەو کاتە هێزی شورش گێرەکان نا ‥

پیشەوا : ( قسەکەی پێ ئەبڕێ ) باشە ئەرکادي ، ئیستا ئەوە بخەرە ئەولاوە ‥

ئەرکادي : (بەسەر سامي‌یەوە) بەڵام گەورەم . کات بە سەرئەچی!؟!

پێشەوا : گوێت لێ بوو پاشا چی ووت ؟

ئەرکادی : نەخێر . خەریکي رێکستنی ئەو رێگایە بووم .

پێشەوا : کەواتە گوێ بگرە . پاشا داوای یارمەتی لەکورانیا ئەکات .

ئەرکادی : ( رەنگی هەڵبزرکا ) شتي وا ناکرێ و نابێ . کاری کردەنی نی‌یە . توقاییل بوویت ؟؟! .

پێشەوا : ئەو دیارە . نەء . قایل نیم ونابم . چونکە ئەوە گران ئەکەوێ لە سەرمان .

ئەرکادی : بەلکو ئەوە شەرەف و ناموسیش ئەکەوێ لە سەرمان .

پێشەوا : یاداشتی سوپای کورانیا . پاشا بەرو بوومي چیاکانمانیان ئەداتێ .



ئەرکادي : چۆن ! پاشای کورانیا ووڵاتەکەمان ئەگرێ و هەموو سامانێکی هەڵئەلووشێ . وە ئێمەیش لەدواییدا .

نیقولا : گەورەم ، پێشەوا . پاشا ناپاکە ، خایەنە .

ئەرکادی : نیقولا ، دەنگت هەڵمەبڕە ‥

نیقولا : دەنگت هەڵئەبڕم ئەگەر زانیومە هەڵیان واسیووم و کوشتوو میان .

پێشەوا : من نامەوێ ناکۆکي بکەویتە سوپاوە . پاشا والەوێ و ‥

نیقولا : ئەگەر من گوێم نەدایە ئەوەی هەڵبواسرێم و بکوژرێم ووتەکەم ئەڵێمەوە . پاشا ناپاکە بەرامبەر بەم نیشتمانە ئەیەوێ رۆڵەکانی بکەونە ژێر پێو بکوژرین لە پێناوي تەختەکەیا کە یەکمان گرت بەوەی پاشا ناپاکە لەگەڵ شورش گیرەکانیشا یەك ئەگرین بە شێوەیێکي تایبەتی ‥ وە شورش گیرەکانیش دوژمني پاشان ، وە پاشایش دوژمنمانە ‥‥

پێشەوا : ئەمە راستە … چی بکەین ؟

ئەرکادی : پاشا بروخینین ‥

نیقولا : ئەگەر سوپای کورانیا هاتە ووڵاتەوەو شورش گیرەکانی کوشت بەوە قایل نابێ بچێتە دەرەوە کە بەرو بوومی چیاکاني بدەینی ‥ هەر وەها لەوێ یشا تووشی زیان ئەبین ‥ چونکە جەنگێکي بێ ئەنجامی لەگەڵ ئەکەین .

پێشەوا : کوا سەر بازەکانت ‥ نیقولا ؟

نیقولا : وان لە هوردوگای نزیك کوشك . هەموو ئامادەن .

پێشەوا . ئەی ئەرکادي تو ؟
ئەرکادی : لە مێژەوە ئامادەیە وئیستاش !.
پێشەوا : زور باشە . سوپا ناتوانی لابدات لە کاتێکا نەبێ سەر
بەستیو ئازادیو دادپەروەریو بیرو باوەربخریتە پشت گوێ
سوپا کەشمان دادپەروەري ئەوێ .
( پێشەوا سێ پێکي تێ کرد بۆ ئەفسەرە کانی . . .
هەر سێکیان هەلبرێ . .
پێشەوا : بروخی پاشاي ناپاك .
ئەرکادی : بژی داد پەروەری...
نیقولا : بژی سلافیای نیشتمان ....

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
زنجیره



# ( پەردەي سي هەم )

( شوێن وەك پەردەی یەکەمە . . لەسەر قەراخی شەقامەکە میلان و جوزیب دانیشتوون . . جوزیب تفەنگەکەی خستوەتە نیشتی ، بەلآم میلان خوێ داوە بەسەریا )

جوزیب : لە ماتی لەمشەو سەرم سورر ئە مێنی .

میلان : بەڵێ .. نیشانەی پێدەنگی ، جەردەیە ..

جوزیب : شەقامەکان چۆڵ و هۆڵن .. وام ئەزانی پێش چاو سێبەر ئەبینم ..

میلان : پێم بڵێ .. داد پەروەری مانای چی‌یە ؟.. ئەوەیە پاشا بڕووخێ ؟؟ ..

جوزیب : نە ، سەر بەست بژی ..

میلان : ئایا سلاڤیا ژێر دەستەیە ؟ .. توو بیتوو خوا جوزیب راستم پێ بڵێ وایە ؟!

جوزیب : مادام پاشا چاکی ووڵاتی ناوێ و هەر بۆ پاراستنی تەختەکەی هەوڵ ئەدات .

میلان : (لەبر) جوزیب .. شۆڕش گێرەکان سەر ئەکەون ؟

جوزیب : ئیستا لەبەر چاومە وەك ڕۆژی رووناك سەر ئەکەون.. داد پەروەری ئەی میلان وەك بووك لە چیاوە یەت بۆ ناو شار ، شورش گێرەکان شایی بۆ ئەکەن ، بەم زوانە ئەیهێنن بۆ سلاڤیا ..

( لە پر چاویان بە سێبەرێك ئەکەوێ نزیك ئەبێتەوە . وون ئەبێ و دەر ئەکەوێتەوە .. خێرا هەڵئەسن ، چەك هەڵئەگرن .. زەلامەکە نزیك ئەبێتەوە )

میلان : « دەنگ هەڵئەبڕێ » بوەستە .. تو کێیت ؟؟.

زەلام : ئەچمەوە بۆماڵی خۆم ..

میلان : لە کوێ ؟ ( ئەپسگەرێ )



زەلام : ( دەستی بەرز کردۆتەوە ) لێرە « دەست درێژ ئەکات بۆ ماڵە پەنجەرە دارەکە »

جوزیب : ئەی خوایە ، ئەوە ئەوە .. ئەوە ..

( لەم کاتەدا داپیرە دەر ئەکەوێتەوە دوو پیاڵە چایی بە دەستەوەیە)

داپیرە : هەستم بەوە کرد کە سەرماتانە ، رەنگە شەکەت بووبن وا چاییم بۆ هێنان ( لەپر بە سەر سامی‌یەوە سەیری زەلامەکە ئەکات.. هەناسەیێك هەڵئەکێشێ، پیاڵەکانی لە دەست بەر ئەبێتەوە هەپروون هەپروون ئەبن.. هاوار ئەکات ) پترو .. پترو گیان .. کورە شیرینەکەم هاتیتەوە ..

میلان : ( بە پیکەنینەوە ) ئەوە پترۆیە .. باشە هەموو شتێك لە سەر ئارەزووە ..

جوزیب : بەڵێ ، چاوەکانی ئەڵێی چاوی داڵە . « پێی ئەڵێ » شۆڕش گێرەکان چونن ؟..

پترو : ( لە سەر خو ) تۆ مافی شورشت نی‌یە ... بەڵکو شورش مافی شورش گێرە ..

جوزیب : ( وەکو گوێی لێ نەبێ ) لەسەر کەوتنایە ؟.

پترو : ( هەر لەسەر خۆ ) ووس بە .. بەو دەموپلە ناشیرینە ناوی شۆڕش گڵاو مەکە ..

داپیرە : پترۆ ! . ئەوانە هاورێن پەترۆ . پی یان وتم با پترو بێتەوە .. ئازاری نادەین ..

پترو : پێش توزی شەرە گوللەمان بوو .. توند باوەش ئەکا

به دایكیا ·· باشه دایه گیان با بچینه ژووره وه
( ئه چنه ژووره‌وه ) ··

( ده‌نگی خرمه‌ی پێی سوار دیت ، وورده وورده نزیك ئه‌بێته‌وه ، میلان و جوزیب ووریا ئه‌بنه وه ·· گوێ ئه گرن ·· ریزێ یاساوڵی سه‌رباز ده‌ر ئه‌كه‌ون له نزیكیانه‌وه ئه‌وه‌ستن )

ئه فسه‌ر : باشه ·· وه‌رنه ریزه وه ·

« یه‌نه ریزه‌وه »

جوزیب : چی رووی داوه ؟! ·

سه‌ربازێك : هیچ نی‌یه ·· پاشا رووخا ·

( له‌و كاته‌دا ریزی گه‌ل به ایلجار ( مظاهره ) كردن به ژیانی شورش و مردن و رووخاندنی پاشا هاوار ئه‌كه‌ن ) ؟

**په‌رده‌ی كوتایی**



# كوته‌كي زوردار

## عثمانه عوزیری

له رۆژی ٩ - ١٠ - ١٩٥٧دا دانراوه ...
به‌ڵام له به‌ر رێگا نه‌دانی ده‌ر برینی بیر و باوه‌ر به‌ـ
سه‌ربه‌ستی نه‌توانرا بلاو بكرێته‌وه

> هێزی جوتیار له چه‌له‌مه‌ی كارانه‌بێ هیچ جیاوازی‌یێكي نی‌یه له گه‌ڵ هێزی كرێكارا ، هه‌رگیز سه‌ركه‌وتن بۆ ئه‌و دوو هێزه‌یه ، كه پێشره‌وی هه‌موو چینه كانی گه‌لن.

سلیمانی ٢٥٧١ كوردي * ١٩٥٩ زاییني

★★★

به ره‌زامه‌ندی ره‌قابه : له چاپخانه‌ی ژین چاپكراوه

# کوتەکی زوردار

— ئادەی ئافرەت ئاوودۆییکی سارد بکە . . ئادەی کچم پیزەکە بچۆ نان و کەرەییکی تازە بۆباوکت بێنە ، بەڵام تۆزێ دۆو مووچەییك نان بەمینەدا بنێرن بۆخولە ، چونکە لەبەیانیەوە پەمو ئاوئەدا . . خوا ئەیزانێ بۆکەی لەبەرە نێرەکە (١) ئەبیتەوە ، لەبەیانی شەبەقیەوە رۆیشتوە هەتا ئێستا کەمن لای هاتوومەتەوە دووا کاوی (٢) ئاوداوە ، چونکە ماڵی کوێخا عەزیز ئاو ئەدەن لەخوارمانەوە وهەموو ساتیك هاشاوڵ ئەهێننە سەر شەلەگەکە (٣) ئاوەکەمان وئەیبرن

باجی ئاڵتونی ، ژنی دوو ییکی گرژ کردو ووتی :

— ئەی پیاوەکە نۆرە ئاوی خۆمان نی یە ؟ . ئەمە دووجار ماڵی کوێخا عەزیز بەسەر نۆرەکەی ئێمەدا ئاوبەن هێشتا ئەوان ناقایلن ! . .

— کچێ ووسبە دارو دیوار گوێی هەیە ، تۆ خەریکی دەنگم لەگەل کوێخا عەزیزا دەربێنی ، سبەینێ پیلانیکمان بۆ ریك ئەخاو پیمان ئەرێژێ ، ئەگەر دوایی پێی لێ کیردینە کەوش و ووتی : زەوی خۆمە وبەهەوەسی خۆم ئاوئەدەم ئیتر خۆ بەزۆر سواری

(١) بەرە نێرە ـ بەریزە ماکاوێك ئەڵێن لەسەرووی کشتوکاڵەکەوە بۆخوارەوە

(٢) ماکاو ـ بەدووسێ ریزە دێراو ئەڵین

(٣) شەلەگە ـ ئەوشوێنەیە کە ئاوی لەجوگاکەوە لێ بەر ئەدەنەوە



ملي نابم قسەش بکەم ئەلی زەوی خۆمەو ناهیلم زەرعاتی تیابکەیت ئیتر قور بۆکێ بگرمە سەرم ئەگەر فەقیری وهەژاری و ماڵ کاولی نەبوایە ئیستا من سەرم بۆ ـ عەزە گیسکە ـ دائەنەوان بەڵام . . ئاخ . .

لەوکاتەدا پیزە نانەکەی لەبەردەمی باوکیا داناو کاسەییك ئاوو دۆشی هێنا وخستیە تەنیشت پلاوپالێوە لەشووڵەبی یە دروست کراوەکەوە .

خاڵە ئەولا ئەوەندەی تینوو بوو یەکەم جار پەلاماری کاسە دۆکەی دا بەدەستی چەپی کاسەکەی هەلگرت ولەدەمی نزیك کردەوە بەدەستی راستیشی کەوچکە دارە دۆخورەکەی پەیتا پەیتا پر ئەکرد لەدۆ وئەینا بەسەریەوە . هەموو جارێك سمیلە ماش و برنجە تەپوتوزاویەکەشی دۆاوی ئەبوو . . ئنجا کە تێری خواردوە بەدەم هەناسەییکی حەوانەوەوە کاسە دۆکەی داناو هاشاوڵی بۆ نانەکە بردو پلاو پاڵیوەکەی راکیشایە بەردەمی تیکەی گەورە گەورەی ئەگرت و بەپەلە ئەینایە دەمی وەکو لەفراندنی پاروەکە بترسی .

لەنان خواردنا بوو ، سەری هەڵبری ئەوا مینەی کوری نانەبەرەکە (١)ی بەستە پشتی وتوورەکە دۆیەکەی گرت بەدەستەوە بوئەوەی بیبا بوخولەی برای لەسەر پەموو . . مام ئەولا بەپەلە پەل پاروەکەی قووت داو ووتی :

(١) نانەبەرە — پارچەییك پەرۆی یاردەیی ئەبێ نانی تێ ئەخەن بوسەر کشتوکاڵ

— مینە گیان ، باوکەکەم خێرا بوی بەرە چونـکە نیوە ڕۆ درەنگی کردوە ، پێی بلێ هیچ لەئاودان ڕانەوەستێ ولە کاتی نان خواردنیشا ئاوەکە ئاژین کا لەقەتارێـک هـەتا نانەکەی ئەخوات ئەوقەتارە ئاوئەخواتەوە ومنیش نایەڵم سێبەر لار بێتەوە بۆ ئەمە لای . . دەی بڕۆ بەقوربانەکەی بم . . وامن ئەودو گیسکە شەلە ئەبرمەوە ئێستا دێم . . پێزەکە کچم تۆیش برینگەکانم بو حازرکە تا لەنان خواردن ئەیەمەوە .

مینە بەرەو رووی خوولەی برای کەوتەرێ ، کە گەیشتە ئەوێ ئەم لاو لای کرد هیچ کەسـی لەناو پەمووەکەدا نەدی توزێك هاوارو بانگە بانگی کرد (هوکاکە خولە هوو . . هوکاکە خولە هوو ، لەکوێیت بڕۆ نانم بۆهاوردووی ، نان) بەڵام بێ سـوود بوو ، ئەمجارە دۆکەی لەسەربەستە دێراوێك دانا ، بەرا کردن چوو بۆسەر شەلەگەی ئاوەکە سەیری کرد دەنك ئاوبەلای ئەوانا نایەت هەمووی بەرەو خوار ئەڕوا . . ئەویش ئاوەکەی بەر-دایەوە وخوێشی لەگەڵ ئاوەکەدا ئەرۆیشت هەتا گەیشتە ئـەو جێـگایەی کەوا ئاودانەکەی گەیشتوتێ ، بەڵام هەرچەن بەم لاولای خویدا ڕوانی بۆێل هیچی نەدیی . . لەپاش توزێك هەست وەرگرتن گوێی لەناڵەو نووزەییك بوو بەدەمیەوە رۆیشـت سـەیری کرد خولەی برایەتی ڕایکرد بولای هەر ئەیوت ئای کەلەکەم ، مردم . ئایی . لا کەلەکەم ، ئایی . یی . . .

— چی یە ئەوە کاکە خولە بوچی وائەکەیت ؟ . . .

— هیچ نی یە براگیان .



— چون هیچ نی یە ؟ . (دەستی کرد بە گریان) .

(خولەیش دەستی برد ، دەستی کردە ملی وبەرەوخوی ڕای کیشاو نووسانی بە سنگیەوەو ووتی :

— مەگری براگیان . مەگری، ئەوە ئازاری کوتەکی زۆردارە جەرگی بریوم ، براگیان نەك هەرجەرگی من بەڵکو هەزاران جوتیاری وەك ئێمە بەدەست دەرەبەگ وزورداراناوە ژیانیان تاڵ بووە . قەینا کات براگیان مەگری . ئایی . هەر بەرا کردن برۆرەوە باوکم بانگ کەبلی پیاوەکانی کوێخاعەزیز بەقوناغە تفەنگ کەلەکەیان بریووم . ناتوانم لەجێی خوم جووڵەبکەم ، لەسـەر ئەوە شەوە . ئاوەکەیان بریوین با باوکم خۆی بێت ئەوەی ماوە ئاوی بات . . چونکە ووشك بوە لەتینوانا . . ئای . . دەهەڵسە برۆ .

(مینە بەکزی یەکەوە هەڵسا ودڵی پربـوو . . لەبر بەرەو ماڵ گوری دایە خوی ودەستی کرد بەرا کردن ، بەهەڵەداوان وهەناسکە برکێ وگریانەوە خۆی گەیاندە لای باوکی ، قوڵپی گـریان لە قورگیا وەستابوو نەیئەتوانی قسەکانی دەربەرریني هەربەرهەڵە نسکی ئەدا ، وەك لاڵ بەهەزار حاڵی باوکی تێ گەیان ، کەوا کاکە خولەی کەوتوە وپیاوەکانی کوێخا عەزیز لەپەلو پویان خستوە .

(مام ئەولایش لەو کاتەدا گیسکی ئەبریەوە ، هێشتـا لایـەکی نەبریبووەوە برینگەکەی فرێ داو بەپەلەپرووزێ کلاشە لاستیقەکانی کردە پێ وبەرا کردن وکڕکەکوك ڕووی کردە جێی کـشتوو کاڵەکەیان ـ پەمووەکە ـ ئەوبەرا کردن و مینەی کوریشی بەدوایەوە

که گەیشتە سەرپەموەوە کە وەستاو بەچاوی فرمێسکاوی یەوە رووي کردە مینەو ووتي : ـ

کوا خولە ؟ .

مینە پێشی کەوت بەرا کردن تا چوە سەری ، کە مام ئەولا بە کەوتوویی خولەی دیی بەپەروشەوە باوەشی پیا کرد ، هەڵی بری بەڵام خولەي چی ؟ . لە سەرە مەرگا بوو . بە حال نووزەی دەر ئەهات وەك وڕینە ئەیوت . ئاخ . ئاخ کوتە کی زۆر دار .. آخ . مام ئەوڵا بەرزتری کردەوە وسەری نا بە سنگیەوە و ووتی : آمان رۆڵە گیان لە دەورت گەریم . نە کەی بەجێمان بێلی .

دوای توکێ سەرپەرشتی کشتوکاڵم بوبکات . کە سەیری کرد خولە رەشینەی چاوی بەرەو ژوور بووبوو . سووك سەری خستە سەرراني هەرچەن بانگی کرد بێ وەڵام بوو .

زماني شکابوو . دەستي بەرز کردەوە وەك بیەوێ بانگی یەکێ بکاتو نەتوانێ قسەبکات . لێوەلەرێی پێکەوت گیانی لە لەشی فری . دەستە بەرزەوە بوەکەی کەوتە تە نیشتی .

المكتبة العامة في السلي...

﴿ تەواو بوو ﴾

المكتبة العامة في ...
العدد ...
التاريخ ...

# چاوەڕوانی ئەم نامیلکانە بن

---

١ـ مێژووی جووڵانەوەی مامۆستایان لە پۆڵەندە ـ وەرگێڕاوە

٢ـ کێبەی دەروون                    دووانی دووەم

٣ـ ئەشکەنجەی خۆشەویستی          چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی دانراوە

٤ـ یاسـای قانونی                    چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی سازاوە

٥ـ مەجدولین                        وەرگێڕاوە